شۆڕشگێڕدا دەوڕوبەت (لەو میللەتە نەگبەتتر نییە ، کە شاعیرەکانی وەک کەسانی سیاسی و بازرگان بیر دەکەنەوە !) ،لەپشتی ئەو دڵڕەبینە ئاوەمان پەیدا دەبێت کە ، جەلالی میرزا کەریم چەندە شاعیرێک بووە کە لەنێو هووبڕی شیعر ئازاد بووە و نەکەوتتە ژێر هیچ هەژمۆنی دڵڕەکی بە ئایدیۆلۆژیەی مارکسیستەکەی خەیشیەوە ، ئازادی نووسەر هەکارەکە بە یاخیبوون و نوێگەری نووسەر ، کەسێک ئازاد نەبێ ناتوانێ یاخی بێت ، کەسێکیش یاخی نەبێت ناتوانێت داهێنەرێکی نوێخواز بێت . جەلال لە جانتاکەی فایلێکی زەرد دەردەهێنێت ،(ئەوە دەربارەی میهرەجانی شیعرییەکەی کەرکووک بەناونیشانی : لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک چی هووێدا ؟ بە نیازم بیکەم بە کتێبێک !) . وردە وردە بیەکەوە سەیری لاپەڕەکانی فایلە زەردەکە دەکەن ، جەلال دەتە سەر شیعرەکەی جەمیل ڕەنجبەر بەناوی (لکە زەیتون لە گۆڕاوی خوێنا) ، ستایشی شیعرەکە دەکات و دواتر دەڵێت ، ئەوەش شیعرەکەی عەبدوڵا پێشەو من نامەوێت بەراوردیان بکەم ، بەس توخوا ئەو شیعرەی جەمیل ڕەنجبەر هی ئەوە بوو ، سانسەر بکرێت و ڕەگەی پێنەدەن بەاوبکرێتەوە ؟ شەرکە دەڵێت جەلال بە عەقلی ئێستام با بگومان هازی نەدەبووم و بیرکردنەوەی ترم دەبوو لە هەمانکات دانبەوەش دادەنێت ، کە شیعرەکەی پێشەو (هەندێک وانە بە منداڵان) لە ژێر کاریگەری بیرەکەی شیعرەکەی تە بەناوی (نەمر) کە ساڵی حەفتا لە ژمارە شەشی هاوکاری بڵاوت کردەوە ، دەبوو سەرچاوەکەی ئاماژە پێکردبا ، کاتی خەی ئەو گلەییەم لە پێشەو هەبوو ، جەلال دەڵێت ئەی ، ناونیشانی (شۆنامەی دەدارێکی تینوو) ، لەگەڵ (شۆنامەی شاعیرێکی تێنوو .. !) ، دوای ئەوەش جەلال من پێشڵی بیانناوەی هوانگەم نەکردووە ، تە ئەوت بیرچووە هەموومان بەجارێک لە جارەکان لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەی ئەو سەردەمیا بووین ، ئەی لە گوتاری هوانگە نەهاتووە (پیشەی شیعر نووسین کارگێیشە ، شەشگێیشە و جەنگاوەریشە !) ، جەلالیش دەڵێت لەویا لەگەڵتام ، گوتاری هوانگە هەندەی (بڵاغێکی نەتەویی و سەربازی بوو ، هەندە ئەدەبی و هونەری نەبوو) ، بەردەوام دەبن لە سەیرکردنی لاپەڕەکان ، شەرکە دەڵێت ، جەلال پێکەکی تەرم بە تەکە ، ئێستا دێتە سەر بەراوردکردنی شیعرەکەی خەم و خەیشت با خەم ئامادەکەم . جەلالیش دەڵێت ، با ئەوەی خەمان نهێنی بێت لەنێوان خەم و خەت ، ئەوەندەم بەس کە توانیم وەک دوو هاوڕێ و دوو شاعیر

ووبەروو ئەوەت پێبڵێم ، (کە میللەتانی دونیا بەیەک خاوەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری جیاوازن خەیانن چونکە مرۆڤی خاوەن هەویستیان هەیە و تا سەر ئەسقان لەگەڵ یەک ڕاستگۆن !) . شەرکە تە زوو پشتت کردە هاوڕێ و دواتر هەر لەشی پێشیمان بوویتەوە ، شەرکە بەکەسیش گوتی ، جەلال نابێت ئەوەت لەبیر بچێت (کە ئەمە باس لە شیعری بەرگری و شۆڕشی ئەیلوول و بە تایبەت بەیانی یازدەی ئازار دەکەین) ، ئەوەش دەڵێت کە ئەویش بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و ئادیەی شۆڕشی بەرەوە بردووە و بە هۆڕنامەی برایەتی نووسیوە ، جەلال دەبینێت شەرکە مەست بووە ، فایلە زەردەکەی لەبەر دەگرێت و پێی دەڵێت ، تە تازە بووی بە پێغەمبەری میللەتەک من شۆڕەی تەم پێناکرێت ، تە خاوەنی شیعری (سوتماک)یت ، هەرچەندە هەخنەی لەو شاکارەش دەگرێت و دەڵێت ، لایەنگر بوویت و شیعرت بە زەرکەس نووسی و ناوی شۆڕشگێڕت خستنە پاڵ کە دەستیان هەبوو لە شۆڕەی براکوژیدا ! یان ڕوایەتیدان بە وشەی شەهید لە شیعری کوردیدا . شەرکە بەکەس لە وەڵامدا دەڵێت (جەلال تە پێش ئەوەی شاعیر بیت و شۆڕشگێڕ و کەسکی چەپی بەوەنە بوویت) ، لەڕدا شەرکە دان بە چەند ڕاستییەک دا دەنێت و دەڵێت (بە بیرت دێت کە یەکەمجار یەکتریمان بینی ، داوات لێکردم بخوێنمەوە ! ، هەموو هۆڕە بەدوام ئەگەڵایت و کتێبت بە ئەهێنام ! من ئەوسا نە شاعیر و نە سیاسەت هیچیانم لە خەیاڵدا نەبوو ، تە تووشی ئەم دەردە سەریێت کردم ! هاوڕێش بیرکەی تە و عەبدولا عەباس بوو ، بەیاننامەکەش خێت نووسیت !) ، لەوەش زێتر دەڵێت و دەڵێت (بەڵێ ، من ئەوسا تەمەنم چواردە ساڵ بوو ، هەموومان بەخیلیمان بە تە دەبرد ، تە کەسکی ئازا و چاو نەترس بوویت ، هەروەها ، بەهاری عەرەبێت ، جوانترین کچی شاری سلێمانی عاشقی تە بوو !) ، ئەوەش قەدەری تە بوو کە لە دووری نیشتیمان کوتییە ژێر ئەتەمبەل و بەو هۆڕە گەیشتیت ! . لەڕدا وتوێژکەیان کە تایی دێت ، ئیتر لەڕەوە لە دەمی شەرکە خەی ڕاستیکانمان بە دەردەکەوێت ، کە جەلالی میرزا کەریم فەلی کەسی یەکەم و سەرکی هەبووە لە دامەزراندنی گرووپی هاوڕێ و خەی بەیاننامەکەی نووسیوە ، ئەم شار و ئەو شار گۆاوە خەکی بە پێدا کردووە و هەر خەیشی سەرنووسەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری هاوڕێ بووە ، بەیە لەم نووسینەم دروستبوونی گرووپی هاوڕێ و وتوێژکەی نەوان جەلالی میرزا کەریم و شەرکە بەکەس تا ئاستێک ناوەڕۆکەکەیم وەک خەی نووسیوتەوە ، چونکە ویستوومە پە لەسەر ئەوە

دابگرم کە ، پێویستە مژوو وەک خۆی بخوێندرێتەوە و ڕاستییەکانیش وەک خۆیان باس بکرێن .

نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

سەرچاوە : ئەمانی (خانەقای میرزا) .. نووسینی (میران ئەبراهام) .

ئیسرائیل و ئێران.. عوسمان حاجی مارف

ئەو هەڕەشانەی کە بوونە هۆی زیاتر پەرەسەندنی بارگرژی نێوان ئیسرائیل و ئێران، دەرئەنجامی ئەو گۆڕانە بوون کە ئیسرائیل دژ بە بوونی ئێران لە سوریا بەدەستی دەبرد، ئەم گۆڕانەی ئیسرائیلیش کەشکردنی ئێرانە بە شێوەکی فراوانی ناوچەیی.
دیان ساڵە ناوچەکە توانیوێتی ژیان لەگەڵ ململانێی سەبری نێوان هەردوو ئێران و ئیسرائیلدا بەسەر بەرێت. بەڵام هەرشی تەسەندنەوەی ڕاستەوخۆی ئێران بە سەر ئیسرائیل، وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بۆی، زەنگێکی هەشداری مەترسیدار دەربارەی توندبوونەوەی ئەو بارگرژیە بە دەرهاتی ناوەڕاست لێدەدا، ئەوەی لە ڕابردوودا وا بیردەکرایەوە مەحاڵە ئەو بارگرژیە بتەقێتەوە، بەڵام ئەو هەرشانەی بەرامبەر یەکتر نمایشیان کرد، پەیامێکی وەهای ڕاگەیاند، کە هەندێ لێکدانەوە پێیان وایە، ئەو تەقینەوەیە لە هەر ساتێکدا بێت، ئۆگەری ئەوەی هەیە ببێتە واقیع، بەم شێوەیە ململانێی سەبری درێژخایەنی نێوان هەردوو وڵات بەئاشکرا ڕوویدا.
ئەو باوەڕەش کە جەخت دەکات لەسەر ئەوەی ئەم ململانێیە ناتەقێتەوە، لە لایەک لەسەر بنەمای ئەو ئاراستەیەی کە ئەمریکا ڕۆگە نادات شەڕی ئیسرائیل و ئێران هەبگیرسێت، هەروەها لە ئاستی دنیاو ناوچەکەدا بە هیچ جۆرێک لایەنگری بە ئەو شەڕە لە ئارادا نیە، ئێرانیش لەئێستادا بەرژەوەندی نیە بچێتە شەڕکی گەورەی ناوچەیەوە، چونکە

شەڕکی لەو شەوێ، ئێرانی دەکەشایە ناو ململانێکی بەکۆتایی وێرانکارو مەترسیدار، بە سەر دەستپاتی کۆماری ئیسلامی.
خولقاندنی شەڕکی فراوانی ناوچەیی گۆڕاوکە تەنها ئیسرائیل بە نوێنەرایەتی ناتانیاهۆ بەدوایەوێ، ئەوەش بە دەرچون لەو قەیران و بنبەستیانەی لەناو غەززەو لە ناوخۆی ئیسرائیلدا دەرگیری بووە، دەنا هیچ ووەاتەک بە هەڕەچاوکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکەن، رودانی ئەو شەڕە لە دڕی بەرژەوەندی خەیان و دژ بە گەڕانەوەی سەقامگیری بە دامەزراندنی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکەدا دادەنێن. هەرچەندە وەاتانی ناوچەکە تاادەیەکی گونجاو سەرکەوتوو بوون لە دابڕاندنی خەیان لە کاردانەوەو هووبووونەوەی نەوان ئێران و ئیسرائیل، بەڵام لە بەردەم ئۆگری تونددبوونەوەی دۆرەیەکی دیکەی ململانێدان کە مەترسی بە سەر ئاسایشی ناوچەکە دەهێنێتە ئاراوە.
لەهەرحاڵدا ئەو گەڕانکارییەی لە ململانێی ئێران و ئیسرائیل بە وەاتانی هەژەمۆنیاست بارگرژیەکی مەترسیداری نیشاندا، بەو مانایەی کە پەیوەستە ئەو وەاتانە خەیان ئامادە بکەن بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆگری سیناریۆی شەڕی ئیسرائیل و ئێران، نەک بەردەوام بن لە گرەوکردن لەسەر ئەوەی کە ئەم شەڕە هووناداتە.
لە هەمان کاتدا ترسی ئەوەش هەیە کە دەیان ساڵەی دوژمنایەتی ئیسرائیل و ئێران، بەجیا لەوەی لەکدانەوەکان و دەخەکە ئەوە نیشان ئەدات، کە ئۆگری هووداندنی ئەم شەڕە بە دور دەبینرێت، بەڵام لەکدانەوێکتش هەیە، هەتی ئەوەش ناکاتەوە کە ئەم ململانێیە لەدەست دەرچێت و بگەڕێت بە شەڕکی هەمەلایەنە، بەتایبەتی کە سوپای ئیسرائیل هەرشە دەندانکانی بەسەر غەززە بەردەوامە.
سەانەکە ئیسرائیل و ئێران شەڕی بە وەکالەتیان ئەنجامداوە، تاران تەڕکی میلیشیای هاوپەیمانی لە سەرانسەری ناوچەکەدا دروستکردووە، کە هەرشەکانیان ئاراستەی ئیسرائیل کردووە، لە بەرامبەریشدا گومانی کوشتنی زانایانی ئەتەمی لە ئێراندا هەیە و سەدان هەرشی ئاسمانی دەستپێکردووە لەسەر هەزەکانی ئێران و هاوبەشە چەکدارەکانیان بەتایبەت لە سوریا، سەبارەت بەو سیناریۆیانەی کە ئیسرائیل بەرنامە ئەتەمیەکەی ئێران بکاتە ئامانج، بەشەویەکی بەرچاوە.
ستراتیژی ئێران لەسەر بنەمای بەکارهێنانی تەی میلیشیاکانی خۆی، هەوێداوە بە دەرکردنی ئەمریکا لە ناوچەکە و فشارخستنە سەر ئیسرائیل، لە هەمان کاتدا دیوەت خشی لە شەڕکە دوور بخاتەوە. تاقمەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەی هەژەمۆنیاتی ناوەاست، بریتین لە حەماس و جیهادی ئیسلامی لە غەززە، حزبوڵا لە لوبنان، حوسیەکان

لە یەمەن و چەند گروپێکی چەکدار لە عێراق و سوریا، و وەک هێزی پشتیوانی بەرگری ئێران کاردەکەن.
ئێران لە ڕۆژگاری ئەم میلیشیایانە سەرکەوتوو بووە لە کەبەکە لەگەڵ زلهێزە تەقلیدیە ناوچەییەکان لە ناوچەکەدا، بەو پێیەی پشتیوانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی زیاتر لە ٢٠ گروپی چەکدار دەکات، کە زۆرینەیان واشنتۆن بە تیرۆریست پێناسە کردون.
خاڵەکیش کە پەیوستە بە هەند وەریگرین، ئیسرائیل توانای ئاوێ نییە بە تەنیا بچێتە ناو ئێپراسیۆنی شەڕکی فراوانی ناوچەییەوە، بەڵکو پێویستی بەیارمەتی ئاو هێزی ئەمریکا دەبێت کە لە کەنداو جێگیرکراون، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا ئامادەیی نیشان نەداوە بەشداری هەر پرسێیکی شەڕی فراوان لەوجۆرە بە پشتیوانی لە ئیسرائیل بکات.
گورزی ئێران ئاوێ پشتڕاست کردەوە کە پێژەی پاراستنی ئیسرائیل هێشتا پشت بەو زلهێزانە دەبەستێت کە لەووی سیاسی و ئەمنی و سەربازیەوە سپۆنسەریان کردووە، بەتایبەتی بە دەستوەردانی ئەمریکا و بەریتانیا لە خستنەخوارەوەی زۆربەی ئاو مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی کە لایەن ئێرانەوە هێدەدرێن.
دوای هێرشە موشەکیەکانی ئێران بە سەر ئیسرائیل، ناتانیاهۆ دەگەڵتەوە بە گەڕانەوەی وێناکردنی ئیسرائیل وەک "قوربانی"، بۆئاوەی شەرعیەتێکی نوێ لەناو ئیسرائیل بەدەستبهێنێت و هاوسۆزی بە خۆی بگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، بەڵام بەگشتی وەها دەتەبەرچاو کە ناتانیاهو شەرعیەت و متمانەی خۆی لەدەستداوە بە تایبەتی دوای شکستی ستراتیژی لە غەزە.
بەیە ئاو پرسیارە دەتەپشاوە کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لەم کاتەدا تا چەند سوودی لە لەدانی ئێران وەرگرتووە بە گەیاندنەوەی وێنایەکی ئەرێنی لە ئاستی ناوخۆیی و دەرکیدا، بەتایبەت کە هەمیشە بزووتنەوەی حەماس خۆی بە ئێرانەوە گرێداوە، هەبەتە پاکتاوکردنی خەڵکی غەزە هەڵی کردنەوەی هیچ دەرگای شەردنەوەی ریسوایی بە ناتانیاهو نەکردەتەوە، دوای وەستانی شەڕی داگیرکاری غەزە، ناتانیاهۆ وەک تاوانبارێک لە بەردەم دادگادا ڕوبەڕوو دەبێت.
هەروەها ڕۆژنامەی ئەمریکی نیویۆرک تایمز ئاماژەی بۆدا کە بایدن لەبەرامبەردا متمانەی بە نەتانیاهۆ لەدەستداوە، بە شێوەیەکی تایبەت نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بە هەوڵەکانی نەتانیاهۆ بە ڕاکێشانی ئەمریکا بە ناو شەڕکی فراوان.
وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بە هەڕشی ئێران بەپلەی یەکەم پشت بەستن بوو بە هەوڵستی ئەمریکا و حیساباتی واشنتۆن و جێ بایدن، بەڵکو

حسابات‌ێک بۆ دۆخەکە بکەن، ئاوڕش لە هەستیاری دۆخی ناوچەکەو دەست پێدەکات تا دەگاتە حیسابات‌ی هەڵبژاردن لە ئەمریکا، بەڵام بایدن لە پێیوەندیەکی تەلەفۆنیدا هۆشداری داوەتە ناتانیاهۆ کە ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیل بەشداری لە هەرشی پێچەوانە بە سەر ئێران ناکات.
لەکاتێکدا ئەمریکا لە پێیوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ ئێران، لە هەگبەی بەشی بەرژەوەندیەکانی باڵیۆزخانەی سویسرا و جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆنتڕۆڵکردنی ململانێکان هەنگاو ببێتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی کارساتبار لە ناوچەکەدا، بەرپرسانی ناوچەکە هۆشداری دەدەن لەوەی کە پەرەسەندنەکان هەنگاو ببێتە هۆی جەنگێکی بەرفراوان.
ئاوڕی پەیوستە ئاماژەی پێبدەین چارەنووسی هەژموناتی ناوەڕاست لەم دۆخەی بارگژی ئێستای نێوان ئێران و ئیسرائیل، ئەتوانین بڵێین بەجۆرێک لە هەوادا هەڵواسراوە، تا هێرشەکانی ئیسرائیل بەسەر غەززە بەردەام بێت، بەشێک لە ئیسرائیلیەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە چ وەڵامێکی تر بە هێرشەکەی ئێران بکەنە ئامانج، ئەگەرەکانی دوبارە بۆنەوەی وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بە هێرشەکانی ئێران، ئاماژە بۆ ئەوە ئەدا کە گوایە بیر لەوە دەکەنەوە، لەوانەیە هێرشی ئاسمانی بە سەر بنکە سەربازیەکان یان بارەگاکانی حکومەت، یان هێرشکردنە سەر بارەگاکانی سوپای پاسدارانی ئێران لەخۆ بگرێت.
لە کاتێکدا ناتانیاهۆ و بەرپرسانی ئیسرائیل داوای دەستپێکردنی هێرشێکی گەورە بە سەر ئێران دەکەن کە هەنگاو بەرنامە ئەتەمیەکەش لەخۆ بگرێت، بەڵام بەگشتی ئیسرائیلیەکان جەری هێرشەکانی ئێران بە سەریان، بە سەرکەوتن بە خەیان ئەژمار دەکەن، دوای ئاوڕی نزیکی هەموو مووشەک و فڕۆکەوانەکانی ئێران خراونەتە خوارەوە بەبێ ئاوڕی هیچ کاریگەریەکی بەرچاویان هەبێت. بەگشتی دەتوانم ئاوڕ بەم لە گەڵ هەر بارگرژی و بونی دۆخێکی دژواردا، هەڵگیرسانی شەری گەورەی نێوان ئێران و ئیسرائیل بەدوور دەزانم.
لەبەر هەشنایی هێزەستە نەوەوەتیەکان و نەبوونی جەش و خرۆشی ئەمریکا بە پەرەسەندنی شەڕەکە، ئیسرائیل خۆی لە دووڕیانێکدا دەبینێتەوە کە ئاگرتنی لەدان لە ئێرانیان یان دواخستنی، نە گونجاندنە بە ئاوڕی کە ناتانیاهو لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا خۆی هەکبخات، چونکە دواتر سەختە بۆی بتوانێت شەڕەکی گەورە بخولقێنێت کە ئومێدی دەرچونێتی لەو قەیرانەی بەرەوەیەتی.
ئیسرائیل بە لاوازترین ساتەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت، هاوسەزی هێوتی شەڕی غەززە و بەرەی ناوخۆ هێرشاوەتەوە، هەروەها هیچ کەدنگیەکی سەربازی و سیاسی ئیسرائیل لەسەر لەدانی کونسوڵخانەی دیمەشق نەبوو، بەڵکو وەک شکستێکی تر بە ناتانیاهۆ تەمار کرا.

ئەم هەرشانە ڕوبەڕووبونەوەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیلیان لە سەبەر و لە ڕێگەی بە وەکالەتەوە هێنایە دەرەوە، بە ئاشکرا ئیسرائیل هەوڵەدات بیکاتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتردا.
ئەو ڕێگایانەی کە ماوەتەوە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ناوەڕاست لە سیناریۆیەکی کارەساتبار، لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری بەرفراوانی جیهانیەوە هەوڵدانە بۆ ڕێگرتنی تەواوی ئۆگرانەکانی ڕودانی شەڕی فراوان لە ناوچەکەدا، وەستانی داگیرکاری ئیسرائیل بەسەر فەلەستین، هەوڵەشانەوەی میلیشیاکان، دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین،...
ئەوەی لەم نووسینەدا بە گشتی بە ئارامی لە ناوچەکە، دەبێت حسابەتی جدی لەسەر بکرێت، پێویستی بە ئاوگۆڕکی جدی هەیە لە پێکهاتەی هەردوو حکومەتی ئێران و ئیسرائیل، هەتا ئۆگر لە ڕێگای چاکسازیشەوە بێت لە گیانی ئارایشی پێکهاتەی هەر دوو ئەو حکومەتەدا، ئەتوانێ ڕێگایەک بێت بە کۆتایی هێنان بە دۆخی جەنگ و ناسەقامگیر کە دوو دەیە زیاترە ناوچەکە تیا غەرق بووە.

گفتوگۆ لەگەڵ خاتوونی شۆکار(هەناسە هەژار سەباح).. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

هەناسە هەژار: ڕەنگ کلیلی هەموو تابلۆیەکانە

هەناسە هەژار: ئەلف و بێ هونەری نیگارکردن بەشێوەی زانستی لە پەیمانگا فێربووم
خاتوونی شۆکار(هەناسە هەژار سەباح) ، یەکێکە لەو شۆکارانەی کە خاوەن بەهرە و سەلیقەیەکی جوانی نیگار کردنی هەیە،ئۆکاتە قوتابی دەبێت لە قۆناغی بنەڕەتی دەستی ڕەنگینی خۆی دەسەلمێنت بەجۆرێك بەشداری سەرجەم چالاکیەکانی ناو قوتابخانە دەکان بە تایبەتی هونەری نیگار کردن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی

بچێتە پێمانگەی هونەرە جوانەکان بۆئەوەی پەرە بە هونەری خۆی بدات لە ئێستادا قوتابی قۆناغی چوارەمە بە شداری چەند پیشانگایەکی هاوبەشی کردوە. لەکاتی کردنەوەی پیشانگای ساڵانەی پێمانگای هونەرجوانەکانی (لاوگ) لە هۆڵی میدیا ی شاری هەولێر لە 27/5/2024 خاتوو هەناسەش بەچەند تابلۆیەك بەشداری پیشانگایەکەی کرد بوو بەچەند پرسیارێك بەسەرمان کردوە.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***سەرەتا بزانین (هەناسە هەژار) چۆن ئاشنای هونەری شۆکاری بوو؟**

- بەهۆی ئەوەی لە ماڵەوەمان کۆشکی هونەری لەنەوخێزانەکەمان هەبوو، بەهۆی ئەوەی باوکم دڕچووی بەشی شۆکاری پێمانگای هونەرجوانەکانی هەولێر دایکشم دڕچووی بەشی شانۆی هەمان پێمانگا بوو، ئەمە کۆشە هونەرییە فاکتەرێك بوو بۆ ئەوەی ئەو بەهرەی من هەمە زیاتر گرنگی پێبدەم رووبکەمە هونەری وێنەکێشان.

***کێن ئەوانەی هاوکار وپاڵپشتیان کردویت؟**

-جگەلەمامۆستایەکانم دایك و باوکم رۆڵەکی زۆرباشیان هەبوو بۆ پاڵشتی و هاوکاری کردن، بۆیە هەمیشە منتباریانم.

***بیرۆکەی تابلۆکانت لەچییەوە سەردەگرێت؟**

- سەرچاوەی بیرۆکەی تابلۆکانم زۆرن بەڵام بەشی زۆریان لە سروشت و خەیاڵ سەرچاوە دەگرن.
- **بەکارهێنانی هونەرەندانی کورد و جیهانی سەرسامیت؟**
- بۆ تابلۆی زۆرێك لە هونەرمەندان سەرسامم ، بەجۆرێك کاریگەریان لەسەر من هەبووە لە کوردەکان (محەمەد عارف،دارا محەمەد عەلی ،ڕەوەند جعفەر..) لە جیهانیش (ڤانگۆخ،سیزان..).

***تاچەند پێمانگای هونەرجوانەکان هاوکارت بووە لە پێشڕەوونی توانستی هونەریت؟**

-راستە من بەهرەی هونەریم هەبوو، بەڵام ئەلف و بێ هونەری نیگارکردن بەشۆی زانستی لە پێمانگا فێربووم،هەکارێك بووە بۆ پێشڕەوونی توانستە هونەرییەکانم، بۆیە هەمیشە سوپاس گوزاری مامۆستایەکانم.

***ڕەنگ فاکتەرێکی گرنگی هەرتابلۆیەکە، تۆ زیاتر لەسەر چ**

ڕەنگەكانت كاردەكەیت؟

-ڕەنگ كلیلی هەموو تابلۆیەكانە، من كار لەسەر زۆربەی ڕەنگەكان دەكەم بەڵام زیاتر حەز بە ڕەنگی (مەر وپرتەقاڵی) دەكەم.

***هونەری شۆكاری یەكێكە لەو هونەرانەی كە، پێویستە بە وردگەران نەكات تۆ چی دەڵێت؟**

-زۆر جار پیشانگای چەند هونەرمەندێك دەكرێتەوە، بۆ ئەوەی خەیان لە پیشانگایەكدا ئامادە بن ئەمە ئەو دەگەیەنێت، كە تابلۆ خۆی قسەدەكات پێوستی بە وردگەر نییە لەبەر ئەوە تابلۆی هونەری بینەر خۆی دەتوانێت خوێندنەوەی بۆ بكات.



nlan412_ on Pinterest & IG

نامەیەکی کراوە لە کوردەکەوە بە پاشا و سەرکردەکانی عەرەب

بەمبە قورمیشکراوەکەی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە و کورد

هەندێک دەڵێن شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران سەدام حوسێن هەڵیگیرساند بۆئەوەی وەک تاکە سەرکردەی ناوچەکە دەرکەوێت و تەواوی عەرەبستان بخاتە ژێر کەفی خۆی، هەندێکی دی دەڵێن ئێرانی شۆڕشی ئاخوندەکان، هەر لەسەرەتاوە سیاسەتی هەناردەکردنی سیستمی نوێیان بە وڵاتانی ناوچەکە هەبوو.
هەر یەکێک لەو دوو بۆچوونە ڕاستییەکی مێژوویان تێدایە.
ڕاستە، سەدام خۆی بە قائید و پاڵەوانی ڕزگاری نەتەوەیی (ئوممەی عەرەبی) ناوزەدکردبوو، بەو ئاراستەیەش هەوڵەکانی دەست پێکردبوو، تاڕادەیەکیش بە کەم سەیری مالیک و میرەکانی کەنداو و سەرکردەکانی عەرەبی دەکرد، لەبەرئەوەی قەزافیش هەمان خوونی هەبوو، وەک دوژمنی باوەکوشتە سەیری دەکرد، بەڵام کە تێگەیشت ئەوە لە خوونکی نزیک زیاتر هیچی دی نییە، بەڵای ئەفریقای بادایەوە و کەوتە کوتینەوەی عەرەب، تەنانەت بەداگیرکاری خاکی خەڵکی دیکەی تاوانبار دەکردن.
سەدام بە سەرپێخستنی ئەو خوونەی سەرجەڵەی خۆی گەیاندبووە سەر پێغەمبەری ئیسلامان. وەک دەستپێکێک بە ئەو خوونە بە زەبری کوتەک هەزەکی مرۆیی گەورەی دروست کردبوو کە لە دەندایەتیدا گاڵتەی پێ نەدەکرا. خۆشی مەڵێی لە هەریەکێک بکردبایە، لەناوبردن و کوشتن چارەنووسی بوو، تەنانەت دەستی لە دەسەزترین و نزیکترین کەسیشی خۆی نەدەپاراست. ئەمەش خەسڵەتی ئیمپراتۆرەکان بوو، واتە لە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عەرەب بوو.
بەڵام ئەوانەی هیچ یەکێکیان ئەوە نەبێت ناکەنەوە کە ئێرانی شۆڕشی ئاخوندەکان چاوی لە داگیرکردنی هەموو وڵاتانە بوو کە بەشێک لە دانیشتوانەکانیان سەر بە مەزهەبی شیعەن. هەوڵی داگیرکردنی ئەو وڵاتانەش بە سەردەمی پاشاکانی فارس دەگێڕنەوە کە بەردەوام ویستیویانە ئاوی کەنداو و دەریای سپی ناوەڕاستیان لە ژێر چنگدا بێت.
بەدیوێکی دیکە، ئەوانەی کێن خاوەنی ئیمپریاتۆریەت بوونە، بەردەوام خوون بە زیندووکردنەوەی دەبینن، هەنگێ لە بەشە ئەووپییەکەی جیهان ئەو خوونە بەو شێوەیە نەبێت، بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامیدا خوونەکە زیندووە. ئەگەر هەڵفتارەکانی ئێستای ئێرانییەکان لە عێراق

بکەینە پۆوەر، بە ئاسانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێران لە پێناو خۆنە دەرینەکەیەوە شەڕی بە عێراق فرۆشتووە کە هەشت ساڵی خایاند. بۆیە ئێستاش، وەک ئاوڕی دەزانە عێراقیش وەکو وڵاتێکی خۆی فرە نەتەوە و فرەمەزهەب، بەڵام لە دەرەوەی مەزهەبی شیعە هیچ کەسێکی بەهێزی لە پۆستە سیادییەکان قبوڵ نییە، یان دەبێت بیکاتە بووکەڵەی سیاسەتەکانی، یان بە بیانوویەک لە مەیدانەکە دووری دەخاتەوە، وەک دەڵێین دەیکاتە "بەردی بن گۆمە". ئەگەرنا ئێران کەشێکی لەگەڵ دزی و گەندەڵی لە عێراق و خۆ دوورەمەندکردنی بەرپرسان لەسەر حسابی هاووڵاتیییە بچارەکانی عێراق نییە، چونکە وەک ئیمپراتۆرەکان خۆدوورەمەندکردن بە مافی کەسانی خاوەن پێستی سیاسی دەزانێت و لە ئێرانیش ئەوە باوە، وەک بەڵێی لە ئاسمان ئەو پشکە دیاریکرابێت. واتە ئەوانەی بە بیانوویەک دەردەکرێن، ئەوانەن کە نەچوونەتە ژێرباری سیاسەتەکانی ئێران، بەڵام بە ئاوتکردنیان سیاسەتی گەندەڵیان دەداتە پاڵ، چونکە لە ئاستی جیهانیدا گەندەڵی کارەکی نەخواستراوە و خەڵکی ڕەشۆکیش ڕەقی لێیە. واتە ئەو بیانوویە بە ئاسانی دەچێتە سەر.

لە (هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو) عەرەب لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا پشتی سەدامیان نەگرت، چونکە هەترەشیان لە هەوە و ڕەفتارەکانی سەدام چووبوو، بۆیە خۆیان نەکردە خاوەنی شەڕەکە، نەمان یان نابووت بوونی سەدامیان پێ باشتر بوو، لەبەرئەوەی لە مێژوو و ئامانجی شەڕەکانی نێوان فارس و عەرەب بە ئاگابوون. هەرچەندە سەدام بانگەشەی ئەوەی کرد، ئەو شەڕە بەرگریکردنە لە بەوابەی شەرقی ئوممە، بەڵام ئەوە نەدەگەیشتە گوێچکەی پاشا و سەرکردەکانی عەرەب، ئەگەرچی یەکێکی وەکو عەلی عەبدوڵا ساڵحی سەرکەی یەمەن بە لیوایەک بەشدار بوو، بەڵام لە ئاست هەوڵەکانی ئێران هیچ نەبوو، چونکە ئێران لەو هەوڵەیدا چەکی مەزهەبگرایی بەکارنەهێنا. سەدامیش لەوەدا درێغی نەکرد کە شیعەی بە دەستی شیعە بە کوشت دا.

کاتێک لە ئابی ۱۹۸۸ ئیمان خومەینی بە ناگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق ڕازیبوو، ئەوە بە سەدام حوسێن سەرکەوتن بوو، هاوکات منەتکێش بوو بەسەر سەرکردەکانی عەرەب و هێندەی دی بای چووە بن کلکی کە کار بە خۆنەکەی بکات. ئێرانیش لای خۆیەوە ئەو هەوانەی سەدامی پێ خۆشبوو، چونکە دەیزانی ئاژاوەیەک دروست دەبێت و کەمگەی نەودەوڵەتی زەدەیی لە هیچ سەرکردەیەکی عەرەب قبوڵ ناکات گەمە بە چارنووسی نەوتی کەنداوەوە بکات. دواجار بە کردەنی ئەوە ڕوویدا کە ئێران پێشبینی کردبوو. ئەوەتە لە گۆڕینی ژەمی عێراق لە ۲۰۰۳دا ئەمریکا ناوەڕۆ و گفتوگۆیەکی دوورودرێژی لەگەڵ ئێران کرد

کە حەتمەن ئێران بە مەرج و بە دەستکەوت ناچێتە سەر هیچ مەزەک لەگەڵ ئەژئاوادا، تەنانەت لەسەردەمی ئەنجوومەنی حکومەتی شیعەکانی عێراقیشی وا لێهاتبوون یەک هەنگاو بە ئاگادارکردنەوەی ئێران نەهاوێن. ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک بەشێک لە ئێران مامەڵە لەگەڵ ئیدارە و داهاتی عێراق دەکات. هەر سونەیەک، سەر قیت بکاتەوە بە تیرۆریست تەماتباری دەکات، هەر کوردێکیش نەچێتە ژێر باری سیاسەتەکانی بە ئیسرائیلی دووەم تاوانباری دەکات.
بە مانایەکی دیکە، ئێران عێراق نییە و بەهەزی دڕاوەی ناوچەکە ناکەوێ، بەڵکو بەهەزتر دەبێت و دەتوانێ لەیەککاتدا پایتەختی چەند وڵاتێکی ناوچەکە بە تورکیاوە ئاماژ بکات. کەواتە بۆ ئێوەی پادشا و سەرکردەکانی عەرەب تووشی هەمان هەڵەی هەشتاکان نەبنەوە کە لە ترسی بوونی سەدام حوسێن بە قائیدی ئوممەی عەرەبی لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران پشتیان نەگرت، نابێت ئێستاش لەترسی ئێوەی کورد دەبێتە ئیسرائیلی دووەم لە هەوڵکانیدا پشتی کورد نەگرن، بە پێچەوانەوە لە بەرژەوەندیان دایە لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا بەهەموو شێوەیەک پشتی کورد بگرن، ئەگەرنا ئێو هەوڵەی ئێران زوو یان درەنگ بەر دەرگەیان لە دەگرێت و بۆچکیان دەهێنێ. بەڵام ئەگەر پشتی کورد بگرن، دەتوانن هەم خۆیان لە شەڕفرۆشتنەکانی ئێران بپارێزن، هەم کۆمەک لەو قەرزە بە کورد بدەنەوە کە بەدرۆزایی مێژوو بەناوی ئایینی ئیسلام بەشداری لە گۆشەسەندن و پەرەپێدانی شارستانیەتی عەرەب کردووە. ئەم قسەیە بە تورکیاش ڕاستە، لەبری ئێوەی دژایەتی دەوڵەتی کوردی بکات، دەبێت لە دامەزراندنیدا هاوکار بێت، چونکە ئەو باهەزەی ئێران هەیکردووە، گشت ناوچەکە دەگرێتەوە و گەراشی لە تەواوی ناوچەکە هەیە و ژێراوژێر کاری باشیشی بۆ کردووە، واتە بەمبەقورمیشکراوەکەی داناوەتەوە.

مانگی پێنجەم لە کێبڕکێی (خۆشەویستی لە سەردەمی

شەرپەنجە)دا.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

ستوونی هەرە گرنگی فەلسەفە لە دوای رۆشنگەرییەوە ئەویە چۆن بژین

خەم: جارێک وتت مردن هێندە ناخۆش نییە، گەر وا بوایە کەسێک دەگەڕایەوە!، لە راستیشدا دیمەنی ئاوابوون جوانتر خۆی دەنوێنێت وەک لە هەڵاتن.
من: مرۆڤ هەرچی داهێنا بۆ لە بیربردنەوەی مردن یان فەرامۆشکردنی بوو، بەڵام ناکام مایەوە!، بۆیە بۆوا دەکەم مرۆڤ بۆ ژیان لە دایک نابێت، بەڵکو بۆناو ژیاندا تێدەپەڕێت بۆرەو مەرگ.
خەم: هێندە شیرین باسی مەرگ دەکەیت، وەک ئەوەی پەسنی عاشق بۆ مەعشوقەکەی بێت!. تۆزە بۆناوبانگەکە جێخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەرچی وتی "بژی مەرگ" بۆ ڕاڤایی فاشیستە.
من: باسکەی ئەمە لە دژەوەی سیاستە، قسەکردنە لەسەر "مەرگی ڕووت"، بۆ مانایەی مردن وەک ڕەهایەکی سروشتی سەیر بکەین. خۆ دروشمی من تۆاو پێچەوانەی دروشمە فاشیستییەکەیە، چوونکە بۆ دروشمی "بژی ژیان، بمرە مەرگ، نەفرەت لە سەرتان", ڕووبەووی نەخشیەکەم دەبمەوە، زەر جار ئەو مرۆڤانەی باسی مەرگ دەکەن، عاشقی ژیانن.
خەم: هەر چۆنێک پێناسەی مەرگ بکەین، لەنگ و ناتەواوە، چوونکە تاکە شتە ناکەوێتە ناو ژیانەوە، مرۆڤ دەتوانێت تەنها پێناسەی ئەو چەمکانە بکات لە ژیانیدا دەیانبینێت.
من: مردن ئاگرێکی تاریکە، دەتوانین بۆنی دوکەڵەکەی بکەین، من چەندان جار مردووم، هەموو حاڵەتێکی کەما جۆرەکە لە مردن، لەوە تێگەیشتووم مردن هێندە وەحشەتناک نییە، بەڵکو هەمان خەو و سکونی پێش لە دایکبوونە. بە ئەوەی بژین پێویستمان بە هەناسەدانە، بە مردنیش چاونوقاندن، هەرچەندە ئێستا نامەوێت چاوم دابخەم.
خەم: بەچوونکانی تە لەگەڵ ڕوانگەی قوتابخانەی وجودییەکان یەکدەگرێتەوە، ئەوان وتیان ژیان هەموو چیرۆکەکە نییە!!، بەڵکو مەرگ وەک ڕەهایەک دەخەنە پێش چاوی مرۆڤ، ئەمە بە ئەوەی ژیانیش ببوغزێنن.
من: هەروەک مارکس زیاتر سەرسامم بە "هیگل" بە تایبەت بە کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی "فینەمینەلۆژیای ڕۆح"، کە هەر وەک چۆن "کاپیتاڵ" پێیوایە "لەدوا شیکردنەوەدا دیالێکتیکی هیگل بە فەلسەفەی مەرگ

ناوزەد دەکرێت". لە دیتنی منداا مەرگ ئەنجامی ژیانە. زیندەوەرێک تاکو نەژی ناشمرێت، ئەمە هەر ئەو فاکتە بوو لە سوکراتەوە درێژ بۆتەوە تاکو فرەید و شپنهاوەر. لەگەڵ ئەوشدا مرۆڤ دەبێت ئەو ماوە کورتەی لەبەردەستییەتی "ژیان" چڕی لە وەربگرێت.
خەم: فەلسەفە بەچوونکی کەنکرێتی نییە سەبارەت بە مەرگ، سیسرۆن دەیووت "فەلسەفاندن فێربوونە کە چۆن بمریت!". بەڵام ستوونی هەرە گرنگی فەلسەفە لە دوای ڕەشنگرییەوە ئەویە فەلسەفاندن فێربوونە کە چۆن بژیت. مارکس هەموو ژیانی فەلسەفیی خۆی بە ئەوە تەرخان کرد بێت کاری فەلسەفە بە تەنها شرۆڤەی جیهان نییە، بەڵکو گۆڕینییەتی بە جیهانێک مرۆڤ تێیدا هەست بە چڕی ژیان بکات.
من: مارکس فێلەسوفێکی ماتریالیستە، ئەگەرچی وەک فێلەسووفێک دەست پێدەکات، بەڵام بە کتێبی "کاپیتال" وەک ئابووریناسێکی سەرمایەداریی کۆتایی دێت، لە هیچ شوێنکدا مارکس ئاوە لە چەمکی مەرگ نادات‌ەوە، بەڵکو چاوی بڕیوەتە ژیان، مارکس فێلەسووفی ژیان و هیومانیزم بوو.
خەم: مارکس، لە ڕووی ماتریالیستییەوە درێژکراوەی "دیموکریتس"ە، بە بەچوونی ئەو فێلەسوفە یۆنانییە دێرینە جیهان لە ئەتەم پێکهاتووە، هیچ بوونێک لە دەرەوەی ئەتەم نییە، ئەم ڕوانگە ئەتەمیستییە بە پوختەکراوی دەگاتە سەردەمی مارکس، بۆیە مارکس بیر لە مردن ناکاتەوە، بەڵکو بە چەی باسی ژیان دەکات، وەک چۆن ئەبیکەریستەکان پێیانوایە مەرگ پەیوەندیی بە ژیانەوە نییە و ناکەوێتە نەو بازنەی ژیانەوە.
من: تا ئەو شوێنە لایەنگری "مارکس"م بیر لە کوالێتی ژیان دەکاتەوە، بیرکردنەوە لە ژیان کاری مرۆڤی مودێرنە.
خەم: بەدەر لەم باسە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نێوان سۆفیست و ماتریالیستدا، لە نێوان موریدی ئیشراق و مرۆڤی نوێی خۆرئاوایدا، لە نێوان حیکمەتی بودا و تێزەکانی مارکسدا، ڕووخساری تەم بە نادیارەتەوە. کەکردنەوەی ئەو هەموو شتە ناکەکە لە خۆتدا کارێکی ئاسان نییە.
من: پرۆتاگۆراس لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین وتی "مرۆڤ پێوەری گشت شتێکە"، هیچ فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەک بە پێی پێویست تەواو نییە، مرۆڤبوون پێوەری هەموو شتێکە، خەم بە موریدی هیچ شتێک نازانم، جگە لە بیرکردنەوە و ڕوانگەیەکی ئینسانیانە، ئەمەش بە تەنیا لە یەک شوێن دەست ناکەوێت، دەبێت هەر بەشەی لە جگەیەکەوە بهێنیت. ئەمە ڕەک پێشیمانبوونەوەی منە لە ڕەهاگەرایی بیری مارکسیزم، بگومان مارکس لە سەدەی بیست و یەکدا بژیابایە، مانیفێستی کەمانیستی نەدەنووسی!، یان لانیکەم بەو جۆرە نەیدەنووسی وەک لە

ساڵی ١٨٤٨دا نوسیوویەتی.
خەم: تا ئێرە هەموو شتێک ڕوونە، بەڵام هەمیشە فۆرمی بیرکردنەوەت لەگەڵ، چەند دیقەت دەدەم تێناگەم.
من: من زۆر قووڵم، دەریام، تۆ ناتوانیت لەسەر ڕووی دەریا جگە لە کەف هیچی تر ببینیت، بە ئاوەی مرواری لە ئەندێشەمدا بدەزیتەوە، دەبێت بگەیتە قووڵایی دەریای بیر و هەستم، لەوە تێدەگەیت ئەم دەریا مات و مەلوولە چەندین گەنجینەی گرانبەهای لە هەناوی خۆیدا شاردۆتەوە، وەرە، وەرە، بۆرەو قووڵاییەکەم، ئەی ئاو کەسەی ژیانی خەمت لەگەڵ بەش دەکەم.
خەم: کەواتە بۆچی هێندە لە ژیان دەترسیت؟ یان بۆچی گلەیی لە شانست دەکەیت لە ژیاندا؟.
من: سواڵکەری بۆر دەرگای ژیان نیم، هەمیشە بانگی مەرگ دەکەم، تاکو ژیان بەناچاریی خۆی بۆتەوە بۆر دەرگام. سەبارەت بە شانسی خەم لە ژیاندا، پەموایە مرۆڤ پەیوەندییەکی بۆتینی بە سروشتەوە هەیە، ئەستێرەی من لە درەوشانەوەدا نییە، چەند خەم ماندوو بکەم لە ژیاندا، بە نووسین یان هەر کارێکی دیکەوە سەرەنجام هەر تاریک دەبم. ئەستێرەی من ڕەنگە دوو سەد ساڵی تر بدرەوشێتەوە!، یان هەرگیز نەدرەوشێتەوە، پەموایە ئەستێرەکان کاریگەریی بەرچاویان هەیە لە هەڵکشانی بەختی هەر کەسێکدا، بۆیە هەمیشە یارم بە ئەستێرە پەناسە دەکەم لە شیعرەکانمدا.
خەم: تۆ ڕەشبینی و پێکەنینت پێکەوە کۆکردۆتەوە، لەو کاتەی دەبێت دۆستەنگ بیت تۆ پێدەکەنیت!.
من: بیرم نایەت کەی بوو گریام، ئەوانەی زۆر دەگرین یان گرفتارن بە خەمێکی زیاد لە پێویست گەورەکراوەوە یان کەشەی عەقڵییان هەیە، من هەر کاتێک پێدەکەنم مانای وایە ئازارەکم هەیە و بە پێکەنین بۆرەو ڕووی دەبمەوە، کە گریانیشم هات یان تێکستێک لە دایک دەبێت یاخۆ کارەساتێکی گەورە دەقەومێت.
خەم: هەمیشە ناڕازیت، ناڕازیتیەکەت لە شێوەی "پاستەناک" لەسەردەمی ستالیندا. ئەو ڕەمانەکەی ناوی "دکتۆر زیڤاگۆ"یە، بەڵام ئەو ڕەمانەی تۆ بەنیازیت بینووسیت ناوی "مۆتەکە"یە!. بەڵام ئەو لە سیاسەت، تۆ لە چی ناڕازیت؟.
من: لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێک رازیم ناکات، شتێک نییە ببێتە مایەی دڵخۆشیم، جگە لە تاریکی هیچی ترم لە دیار نییە، بەڵام تاکە وشەیەک هەیە رازیم دەکات، بەڵکو دڵشادیم پێ دەبەخشێت، ڕووناکم دەکاتەوە، ئەو وشەیش "خەشم ئەوی"یە. بە هیوا نیم، بەڵام مەستی ئومێد نیم، ئومێدواریی نابێت ببێتە تریاک، بەڵە باشکەی ئەم جیهانە ڕەشبینەکان دروستیان کردووە، چوونکە خۆشبینەکان بە هەموو شتێک

رازین، لەگەڵ هەموو بارودۆخێکاندا خۆیان دەگونجێنن. لە ریشەوە حەزم بە چارەی ئەو مرۆڤانە نییە بە ئەوەی چرا دیار بێت، گرانی بە روونا کی دەزانن.
خەم: تۆ چیرۆکت زۆرە بە گەورەوە، وەک ئەو پیاوەی "ترۆتسکی" کوشت، بەڵام پێش مردنی، ترۆتسکی وتی، ئەو پیاوە نەکوژن چوونکە چیرۆکێکی هەیە بە گەورەوە، ئەمە داوا لە کانسەر دەکەین نەتکوژێت تاکو چیرۆکە بە بنەکەت بگەیتەوە.
٢٠١٨-١١-١١
کاتژمێر: دوانزە و بیست خولەک
نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس

دز.. شیعر: احمد مطر.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

دزێک بە خشپەیی
خۆی کرد بە ماڵەکەما
سەعات و گۆدان
و
ملوانکەکەمی دزی
کون و قوژبن گەڕام
بە دوای دزەکا
کەل و پەلەکانمی دزی
لە بازاڕ و بەندیخانەکانا
گەڕام بە دوایا
بەڵکو دەستم کەوتەوە شتەکانم
بەڵام هیچم بە هیچ نەکرد
بەیارم یا :
تا لای پۆلیس نەوەستم
چوومە لای فەرماندەی پۆلیس
بە گرتنی دزێک ماڵەکەمی دزی
کاتێ شەرحی حاڵم کرد
سەعاتێکم لەوەی خەم

لە دەستیا بینی
ووتم : ببورە گەورەم
لەوانەیە دزی ماڵەکەم گیرا بێ
ئەو سەعاتەی وا لەدەستتا
لە باوک و باپیرم
ماوەتەوە بە میراتی
بە ڕەوە سەیری کردم
ووتی :
بیبەن بۆ ژووری ئینفرادی
دوای ساڵێک ئازاد کرام
بەیارم یا بچم بۆ لای قازی
بۆ شکات کردن لە :
فەرماندەی پۆلیس
و
دزێک ماڵەکەمی دزی
لە بەردەم گەورەی قازەکانا
بە گریان
بە دوای مافی خۆما ، وەستام
لەبەر دەمیا
گوێدانەکەی خۆمم بینی
پێمووت : گەورەم
دیارە گیراوە
ئەوەی ماڵەکەمی دزی
ئەو گوێدانە هی منە
گوێکانمم تیا دائێنا
دوای ئەوەی قازی
هاواری کرد : یاساوڵەکان
ئەم شەتە لابەن لەبەر دەمما
و
فەری بکەن ڕابگرتن لە قازی یانی چی
هەموو بە دەنگ بوون ، بە خەمەوە
دوای ساڵێک یان دووان
کەوتەوە بیرم
کە من لای جەنابی قازی بووم
بە پۆلە و هاوارەوە
چوومە لای جەنابی" والی"
هەموو شتەکم بۆ باس کرد

بە دوور و درێژی
ووتم گەورەم :
ئەمە ئەویە کە ووی یا
دز و فەرماندەی پۆلیس و قازی
هەموو بوون بە دوژمنم
بە زەردەخەنەوە سەیری کردم
ووتی : ئەترسم بێ
ملوانکەکەت ئەمەیە
کە وا لە ملی منا..!!
سەیرم کرد ملوانکەکەم
وا لە ملی جەنابی والی
ئەنجا " پەند"ەکە تێگەیشتم
خەم و هەر چیەکم هەیە
موڵکی " والی " یە
دز قەت نەهاتبوە ماڵەکەم
بۆکەمن خەم
" دز"ەکەی ماڵەکەی خەم بووم
""""""""""""""""""""

•
•
•
•